**دوو پارچە شیعر**

## ( هەوری پە پوولەیی)

**خولیا حسێن**



ئەمرۆ ئاسمانی دەروونم
بە هەوری سپی پە پوولەیی دا پۆشراوە
دەمەوێ روخساری خەواڵووم
بە فرمێسکەکانی دوێنێم بشۆم و
کراسێکی ئاودامان بۆ باڵای خەونە تازەکانم
ببرم...
هەتا چیتر ئاوازی خەم وەتەری دڵم نەژەنێ وەمەلی عەشقیش
لە شەقامی سپی رۆحم نامۆ نەبێ ...
مەداری هەنگاوەکانم فراوانتر دەکەم
با چیتر بۆسۆی پرچی کچان
شاردا نەگرێ و
خۆڵەمێشی جەستەی ژنانیش
سیمای ئاسمان دانە پۆشێ
لە ئێوارەی هاوینە گر گرتووەکاندا, دەبمە شنە بایەکی فێنك
گەردی سەر کتێبەکانی ناو دەلاقە و تاقەکان لە دڵی
دڵدارانی ئەم دەڤەرە دەتەکێنم
هەتا چیتر لە کوشتنی مانگ و خنکاندنی ئەستێرەو
سوتاندنی باڵندەکانی خۆشەویستی بێ دەنگ نەبن ...

## ( ژوانگەی خۆرەتاو )

لەودیو دنیای خەونەکانتانەوە هاتووم
ئاگام لێیە هەموو شەوێ
حەزەکانتان دەست لە ملی رۆحتان دەکا و
بە ئەسپایی ...
لە درزی دەرگا و پە نجەرە, دێنە دەرێ
گوڵی عەشق لە بەرۆکی دڵتان دەدەن ,
لێوی خۆزگە خۆی ناگرێ لە بەر حەسرەتی تاسەتان
ئەی پە پوولە دەورە تەلبەند کراوەکان
وەرنە دەرێ

**ئەوەتا من لە جێ ژوانگەی خۆرەتاوا**

**بێزار نابم**

**هەموو شەوێ**

**دەستبازی لەگەڵ ئەستێرەی**

**خولیاکانی خۆمدا دەکەم**

**لەم شەوانە لەسەر پەرەی یادەکانم**

**گوزشتەی دڵدارە بێ ئەزموونەکان دەنووسمەوە و**

**هەناسەی عەشقی ئەبەدیم**

**گومانی مەحاڵ راو دەنێ**

**وەرنە دەرێ ئەوە بەهەشتی خەیاڵە لێناگەرێ**

**راستی و رەهایی ببینن**

**وەرن, با لە خۆڵەمێشی خۆزگە سووتاوەکانی خۆمان و**

**فرمێسکە نهێنییەکانی بێوەژنە خەمناکەکان**

**ئینجانەیەك بۆ نەمامی هیواکانمان دابرێژین.**

**هەولێر** 1997